# بیری کارگێڕی لە پەندی پێشینانی کوردیدا

**ڕەنجدەر ئازاد عەزیز**
بەشی کارگێڕی و ژمێریاری، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** ranjdar.azad@koyauniversity.org

**سۆران کاکەڕەش عمر**
بەشی کارگێڕی و ژمێریاری، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
**ئیمەیڵ:** soran.kakarash@koyauniversity.org

**پوختە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ زانین و دۆزینەوەی پەیوەندی و ڕایەڵەی نێوان بیری کارگێڕی و پەندی پێشینانی کوردییە، توێژینەوەیەکی تیۆری شیکاریە بە بەراوردکردنی(٣٢) سی و دوو پەندی پێشینانی کوردی لەگەڵ چەند تیۆرێکی کلاسیک و تازەی بیری کارگێری. بەمەش دوو بواری جیاواز دەگرێتەوە کە خۆیان لە زانستی کارگێڕی و ئەدەبی فۆلکلۆردا دەبیننەوە، بەسەر سێ بەشی چونیەکدا دابەشکراوە بەپێی ناونیشانی توێژینەوەکە بەشی یەکەمی تایبەتکراوە بە بیری کارگێری و قوتابخانە و تیۆرە کارگێڕییەکان, بەشی دووەمی تایبەتکراوە بە چەمک و تایبەتمەندی و هەوڵی کۆکردنەوەی پەندە کوردییەکانەوە, بەشی سێییەمیش دەرخستنی بیری کارگێڕیە لە پەندی پێشینانی فۆلکلۆری کوردیدا.

توێژینەوەکە بە چەندین ئەنجام گەیشت گرنگترینیان، ئەوەیە کە بیری کارگێڕی لە هزر و بیری باب و باپیرانی کوردا ڕەنگی داوەتەوە ئەگەرچی لە ئەرزی واقیعدا پەیڕەونەکراوە، ئەگینا میللەتی کوردیش لەپاڵ نەتەوەکانی جیهاندا خاوەن بیرێکی باشی کارگێڕیە و بە تایبەتیش لە بوارەکانی پسپۆڕی, گرنگی کات, پلاندانان لەگەڵ سەرکردایەتیکردن و سەرپەرشتیار, هەروەها توێژینەوەکە چەندین پێشنیازی کردووە بۆ نوسەران و توێژەران گرنگترینیان ئەوەیە کە پەرە بەم بووارە بدرێت و لێکۆڵینەوەی زیاتر بکرێت لە نێوان بیری کارگێڕی بە هەموو بەش و کونج و کەلەبەرەکانیەوە لەگەڵ تێکڕای پەندە کوردیەکانی دیکە لەلایەک و هەموو ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی کوردی وەکو هۆنراوە و پەخشان لەلایەکی دیکەوە.

**کلیە وشەکان:** بیری کارگێڕی، پەندی پێشینان، نەتەوەی کورد.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

## پێشەکی:

نەتەوەی کورد وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی سەر ڕووی ئەم جیهانە، مێژوویەکی دێرینی هەیە و لەسەر زێدی خۆیاندا دەژین و خاوەنی کلتوور و زمان و ئەدەبی خۆیانن. ئەدەبێکی فۆلکلۆری دەوڵەمەندی هەیە کە بەشێکی گرنگی ئەدەبەکەی پێکهێناوە. گەلەکەی بە شانازییەوە لێی دەڕوانن. هەڵبەتە ئەم گرنگیدانەش لەخۆوە سەرچاوەی نەگرتووە، چونکە ئەدەبێکە سەرجەم بیر و باوەڕی ئەم میللەتەی هەر لە داب و نەریت و کلتوور و مێژوو و سیاسەت و تەنانەت هەموو هەڵسان و دانیشتنێکی ئەم میللەتەی تیادا جێکراوەتەوە، لە ناویشیاندا چەمک و بیری کارگێڕی کە لە بیر و هزری پێشینانماندا بەدی دەکرێ.

## کێشەی توێژینەوەکە :

١-دەستنەگەیشتن بە بەشێکی پەندەکان، ئەمەش بە هۆی کۆنەکردنەوەی سەرجەمی پەندەکان لە دووتێی کتێبێکدا، کە ڕێگربوو لەوەی بتوانین کار لەسەر هەموو پەندەکان بکەین. لەبەرئەوە ڕەنگە کۆمەڵێک پەندی دیکەشمان لەم بارەوە هەبێت کە بەر دیدی ئێمە نەکەوتوون.

٢-لەبەرئەوەی پەندەکان بەرهەمی فۆلکلۆرین و دەما و دەم هاتوون ناتوانرێ مێژوو و ساڵی دەرکەوتنی پەندەکان بزانرێ، ئەمەش کێشەیەک بوو لەبەردەم توێژینەوەکە تا بە وردی کات و مێژووی سەرهەڵدانی بیری کارگێڕی بخەینە نێو ڕیزبەندی نەتەوەکانی جیهان. لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە تەنها هەوڵێکی بچووکە بۆ دۆزینەوە و دەرخستنی ئەم بیرە لای پێشینانمان.

## گرنگی توێژینەوەکە :

- کردنەوەی دەروازەیەکی تازە بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان بیری کارگێڕی و پەندی پێشینانی کوردی، وەخستنەڕوو خستنەڕوو و ڕەتکردنەوەی ئەم قسەیەی کە دەڵێت کورد هەرگیز بیری کارگێڕیانەی نەبوو و هەر ئەم بێ پلانیەی بووە بەو ڕۆژەی گەیاندووە .

- ئاشناکردنی نەوەی تازە بە شێوازی بیرکرنەوەی باوباپیرانیان کە چۆن لە نێو قسەو دەربڕینەکانیاندا بیر و چەمکی کارگێڕی و بەڕێوەبردن ڕەنگیداوەتەوە.

- هەوڵێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و کەلتووری کوردی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

### چوارچێوەی توێژینەوەکە:

خستنەڕووی دوو چەمکی جیاوازە لە دوو زانستی مرۆییدا کە خۆیان لە زانستی کارگێڕی و ئەدەب دەبینیتەوە، هەوڵماندواوە لە ڕێگەی لێکدانەوەی پەندە کوردییەکانەوە بیری کارگێڕی لە وتە و قسەی باوباپیرانماندا بدۆزینەوە. بەسەر سێ بەشدا دابەشمان کردووە. بەشی یەکەم: تەرخانکراوە بۆ ناساندن و چەمکی کارگێڕی. بەشی دووەم: لە بارەی چەمک و پێناسە و زاراوەی پەندی پێشینان لە بەشی سێیەمیشدا هەوڵماندواوە بە شێوەیەکی زانستیانە پراکتیزەی هەموو ئەو پەندانە بکەین کە هەڵگری بیری کارگێڕین و زادەی بیری باوباپیرانمانن. بەسوود وەرگرتن لەو کتێبانەی کە بەشێکی پەندە کوردییەکانیان لە خۆگرتووە، کە بوون بە کەرەستەی توێژینەوەکەمان، ئەو بیرە کارگێڕییەی کە پەندەکان هەڵیان گرتوون، هاتووین بەستوومانەوە بەو تیۆر و قوتابخانانەی کە ئێستا لە زانستی کارگێڕیدا جێگەی بایەخن و لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا دەخوێنرێن.

### پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە دەپرسێت:

١- ئایا بیری کارگێری لە پەندی پێشینانی کوردی بەدەی دەکرێت؟ بەتایبەت لەم پەندانەی کە بەردەستن.

٢- پەیوەندی لە نێوان بیری کارگێڕی و پەندی پێشینان چۆنە؟

٣- ئایا کام بوواری کارگێری لەنێو پەندەکاندا زیاتر ڕەنگی داوەتەوە؟

### پێشینەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، کە دوو و بواری جیاوازی گرتۆتەوە، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە کە تا ئێستا هەوڵێکی لەم جۆرە لە نێو توێژینەوە ئەدەبی و کارگێڕییەکاندا ئەنجام نەدراوە، ئەگەر ئەنجامیش درابێ بەوجۆرە تیایدا قووڵ نەبوونەتەوە، بەو هیوایەی لە ئاییندەدا ببێت بە دەروازەیەک بۆ توێژینەوەی زیاتری نێوان ئەدەب و بوارەکانی دیکەی زانستی.

### میتۆدی توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی (شیکاری وەسفی) بەستاوە کە بۆ توێژینەوەکە هاوکارێکی باشە، چونکە لە ڕێگەی وەسف و شیکارکردنی پەندەکانەوە دەمانگەیەنێت بە دۆزینەوەی ئەم بیرە کارگێڕییەی کە باو و باپیرانمان بۆیان جێهێشتووین و دەم بە دەم و پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە، بە وەرگرتنی (٣٢) پەندی باوی کوردی لە ڕێگەی وەسف و شیکردنەوەیان گەیشتین بەوەی کە لەڕاستیدا ئەم پەندانە هەلگری بیر و چەمکی کارگێڕین کە ساڵەهای ساڵ باو باپیرانی ئەم میللەتە لە قسە و گوفتاری ڕۆژانەیاندا بەکاریانهیناوە و سودیان لێیان وەرگرتووە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# بەشی یەكەم: بیری كارگێڕی؛ چەمك و مێژووەكەی

## ١-١بیری كارگێڕی (Management thought)

چەمكی بیر بەرفراوانە و واتای زۆر لە خۆدەگرێت بۆیە تا ئێستا پێناسەیەكی گشتگیرنییە بۆ بیر (Though), بەڵام بەگوێرەی تێڕوانینی (SHADRIKOV et al, 2016: 558) بیر لە ڕووی زمانەوە بریتیە لە ڕاڕایی دڵ و هیواخوازی، بەڵام لە ڕووی زاراوەوە بیر هەڵسوكەوت و كاری هزرە بە واتای تێڕوانین و هیواخوازی و وردبوونەوە بۆ گەیشتن بە ئامانج و داواكاری (العید،٢٠١٥: ١٦٥). هەروەها بیر بەستراوەتەوە بە بیروباوەڕ و وێناكردن و قسەكردن و هۆشیاری و بیركردنەوە. هەرچی چەمكی كارگێڕییە "بریتیە لە پرۆسەی پلاندانان و ڕێكخستن و ئاڕاستەكردن و چاودێری، كەوا دەرامەتە مرۆیی و ماددی و دارایی و زانیارییەكان لە ژینگەیەكی ڕێكخستندا لە خۆ دەگرێت"، هەروەها (حەریم, ٢٠١٦, ٤٢-٧٠) ئاماژەی داوە بەوەی كە وشەی كارگێڕی (Management) بۆ چوار مەبەست بەكاردێت كە ئەمانەن:

١. كارگێڕی بە واتای كرداری(As a practice)
٢. كارگێڕی بە واتای زانست( As a discipline)
٣. كارگێڕی بە واتای تاكەكان(As a people)
٤. كارگێڕی بە واتای پیشە (As a career)

## ١-٢ مێژووی بیری كارگێڕی(History of management thought) :

### ١-٢-١ كارگێڕی لە شارستانیەتەكۆنەكان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**خشتەی ژمارە (١) بەشداریکردنەکانی شارستانیەتە کۆنەکان لە بیری کارگێڕیدا (حریم, ٢٠١٦, ٤٣-٤٥)**

| شارستانیەت | مێژوو | بیرۆکەکان | پێداویستیەکانی کات | بەشداریکردنی لە پەرەسەندن و شیاویەتی بۆ کارگێڕی هاوچەرخ |
|---|---|---|---|---|
| سۆمەریەکان | ٥٠٠٠ ساڵ پ.ز | نوسین و تۆمارکردن | پێکهێنانی حکومەتەکان و بازرگانی | زانیاریە تۆمارکراوەکان بۆ ڕێکخستنە جۆرا و جۆرەکان |
| میسریەکان | ٤٠٠٠-٢٠٠٠ ساڵ پ.ز | پلاندانان و ڕێکخستن و چاودێری | ڕێکخستنی ١٠٠٠٠٠ کرێکار بۆ بنیادنانی هەرەمەکان | پلانەکان و بەدواییەک داهاتنی دەسەڵات گرنگە بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکان |
| بابلیەکان | ٢٠٠٠-١٧٠٠ ساڵ پ.ز | یاساکان و بەرپرسیارێتی | یاسای حامورابی; ئاستی کرێکان و گرێبەستەکان, مافەکان و سزاکانی داناوە | ڕێکخستنی دەسەڵاتگرتن بە سەر تاکەکاندا بە مەبەستی بەدیهاتنی ئامانجەکان |
| چینیەکان | ٥٠٠ ساڵ پ.ز | سستەمەکان | بازرگانی و سەربازی ڕێکخراوەکان و لێ پێچینەوە دیاریکراو و جێگیرەکان دەخوازێت | ریتمسازی و لێ پێچینەوەکان پێویستن لە کاری گروپدا |
| گریک | ٥٠٠-٣٥٠ ساڵ پ.ز | پسپۆری و شێوازی کرداری | پسپۆڕی و دانانی بنچینە بۆ شێوازی زانستی و لۆژیکی و بیرکاری | ڕێکخستنەکان پێویستیان بە پسپۆری و بیرکردنەوەی زانستی هەیە کە دەبێتە هۆی پەرەسەندن |
| ڕۆمان | ٣٠٠ساڵ پ.ز- ٣٠٠ساڵ دووای زایین | ڕێکخستنی ناوەندی | ئیمپراتۆریەتێکی فراوان پێویستی بە سستەمە و گەیاندنەکان و کۆنترۆڵ هەیە | بایەخ و کاریگەری ڕێکخستنی پەیوەندیەکان و سەرپەرشتیکردن بۆ زاڵبوون بەسەر ڕێکخستنە گەورەکاندا |
| شارستانیەتی ئیسلامی | ٦٠٠-١٨٠٠ زاینی | یاسادانان, سیاسەت, کارگێڕی, زانستەکان | ئیمپراتۆریەتێکی فراوان, ڕێکخستنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی | دەسەڵاتە مەدەنی و سەربازی و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان, دادپەروەری کۆمەڵایەتی |
| فینیقیەکان | ١٣٠٠ زاینی | شێوازە یاساییەکان بۆ ڕێکخستن | فینیقي پێویستی بە ئامرازی یاسایی هەمە جۆر هەیە | چوار چێوەی یاسایی بۆ بازرگانی وەک بنچینەیەک بۆ چوونە ناو جیهانی بازرگانییەوە |
| باکیولی | ١٤٠٠ زاینی | ڕێساکانی ژمێریاری | ڕێساکانی تێچوون و دەرامەتەکان لە بازرگانیدا | سیستەمی ژمێریاری و گرتنی تۆمارەکان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ماكیفیلی | ١٥٠٠زاینی | بەكارهێنانی كرداری بۆ هێز | -پشت بەستنی حكومەت بە جەماوەر. -پێشبینیەكانی سەركردەكان و گەل ڕوونی دەخوازێت. -سەپاندنی بەكارهێنانی دەسەلآت لە لایەن سەركردەكانەوە سیفەتی توانستیان پێ دەبەخشێت. | بایەخی ئاراستەكردنەكان و ڕێنومایيە ڕاستەقینەكان بۆ بەكارهێنانی دەسەلآت |
| ئادەم سمیس | ١٧٧٦ زاینی | دابەشكردنی كار | سستەمی ململانێ كە لە پسپۆڕیەوە بەرهەم هاتووە | پسپۆڕی و قازانجەكان بنچینەی پڕۆژەی تایبەتە |
| نەتەوە خۆرئاواییەكان | سەدەی نۆزدەهەم | ڕێكخراو | پێویستی بۆ سەرمایەی گەورە لەو ڕێكخراوەوە كە بە كەسایەتییەكی مەعنەوی و ژیانێكی درێژ و بە بەرپرسیارێتییەكی دیاریكراو جیادەكرێتەوە | جیاكردنەوەی موڵكایەتی و كارگێڕی هاتەكایەوە لە ئەنجامی پێویستبوون بە بەڕێوەبەری شایستە لە هەر دوو ڕووی زانستی و پیشەییەوە |

گەڕانەوە بۆ مێژوو و بنەچەی سەرهەڵدانی هەر بابەت و زانستێك گوزارشتە لەوەی بزانین ئەم زانستە لە كوێوە هاتووە و ئێستا چۆنە و بۆ كوێ دەچێت (Santayana, 2007: 28), وە (حریم, ٢٠١٦, ٤٢-٧٠) ئاماژەی بەوە داوە كە هەر یەكە لە سۆمەرییەكان و بابلییەكان و فیرعەونەكان و گریك و ڕۆما و چینی و هیندییەكان لە پاش ئەوانیشەوە موسڵمانەكان پرۆڤەی كارگێڕیان كردووە، بەڵام ئەو كارگێڕییە هەمان ئەو خەسڵەت و بنەما و چەمكە ناسراوانەی زانستی كارگێڕی نەگرتووەتە خۆ، كە لە ئێستادا هەن، هەروەك چۆن ئەو كارگێڕیە پشتی بەستووە بە پەیگیری و

خەملآندن و هەوڵدان و هەڵەكردن.

بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی بەشداریكردنەكانی شارستانیەتە كۆنەكان لە بیری كارگێڕیدا بنواڕە خشتەی ژمارە (١) كە بەشداریكردنەكانی شارستانیەتە كۆنەكان لە فكری كارگێڕیدا پوخت و ڕوون دەكاتەوە :

### ١-٢-٢ بیری كارگێڕی لە چاخی تازە:

بیری كارگێڕی لە چاخی تازەدا لە ساڵی ١٧٥٠ دەست پێدەكات تا ئێستا، ئەم ماوەیەش هاوكاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئامێر و شۆڕشی پیشەسازی كە بووە هۆی سەرهەڵدان و لە دایكبوونی چەندین بیر لە بواری بەڕێوەبردن (السنفي و العريقي، ٢٠١٢: ١١٦-٧٩). هەروەها زاراوەی قوتابخانە كارگێڕیەكان بریتیە لە ئاراستەیەكی دیاریكراو لە بواری كارگێڕی بە جۆرێك ئەم ئاراستانەش كۆمەڵێك بیرمەندی كارگێڕی لە خۆ دەگرێت كە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

چەندین بیرۆكەی كارگێڕیان پێشكەش كردووە كە لە نێویاندا چەمك و بنەمای لێكچوو و هاوڕا هەیە (السنفي و العريقي, ٢٠١٢: ١١٦-٧٩)، و بە دوای یەكدا گەشەی مێژووییان پێشخستووە.

بە شێوەیەكی گشتی قوتابخانەكانی بیری كارگێڕی بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن كراون:

یەكەم: قوتابخانەی كلاسیكی: كارگێڕی زانستی, تیۆری بنەمای كارگێڕی، یان دابەشكاری كارگێڕی- تیۆری بیرۆكراسی.

دووەم: قوتابخانەی پەیوەندییە مرۆییەكان كە بە پردی نێوان قوتابخانەی كلاسیكی و قوتابخانەی هاوچەرخ ناسراوە ئەمانە لەخۆ دەگرێت توێژینەوەكانی هۆسۆرن – ئیلتۆن مایۆ, تیۆری پەیژەی پێداویستییەكانی ماسلۆ, تیۆری (X) و تیۆری (Y) لەگەل تیۆری دوو فاكتەرەكە.

سێ یەم: قۆتابخانە نوێیەكان (هاوچەرخ):

لەوانە تیۆری سیستەم (System Theory),بەڕێوەبردنی چەندێتی (Quantitative Management), تیۆری بەڕێوەبردن بە پێی ئامانج ,(Management by Objectives), تیۆری ئۆجی و تیۆری (Z) یان كارگێڕی یابانی لەگەل كارگێڕی بە پێی هەڵوێست یان بە پێی بارودۆخ (الشماع, ١٩٩١, ٣٢-٤٣) .

لە لایەكی دیكەوە (Hussain et al, 2019: 157) مێژووی بیری كارگێڕیان دابەش كردووە بەسەر شەش قۆناغ یان گروپ كە ئەمانەن; قوتابخانەی پرۆسەكانی كارگێڕی, قوتابخانەی ئەزمونگەران, قوتابخانەی ڕەفتاری مرۆیی, قوتابخانەی سیستەمی كۆمەڵایەتی قوتابخانەی تیۆری بڕیار لەگەڵ قوتابخانەی بیركاری.

سەرەڕای ئەو پۆلین كردنانەی سەرەوە، قوتابخانەی كلاسیكی بیری كارگێڕیش لە سێ قوتابخانە پێكدێت، كە بریتین لە تیۆری كارگێڕی زانستی (Scientific Management)، قوتابخانەی دابەشكاری كارگێڕی (Departmentalization or Administrative management) لەگەڵ قوتابخانەی بیرۆكراتی (الشماع, ١٩٩١: ٣٢-٤٣). بەڵام تیۆری كارگێڕی زانستی ئەم تیۆرە تیشكی خستبووە سەر ڕێگاكانی زیادكردنی بەرهەم و كارامەیی و چوستی تاكەكان، لە بە ناوبانگترین بیرمەندەكانی ئەم قوتابخانەیە، ئەندازیاری ئەمریكی فردریك تایلور (Frederick Taylor) (١٨٥٦-١٩١٥)بوو(صادق و ئەوانی تر, ٢٠٢٠: ١٣-٤٤)، پێی وابوو كە دەبێت بەرهەم زیادبكرێ و ئیش و كارەكانیش بە هۆی شێوازی زانستییەوە ئاسان بكرێ(Santayana, 2007: 31). تایلور هەڵسا بە ئەنجام دانی چەند توێژینەوەیەكی تاقیكردنەوەیی بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگا بۆ ئەنجام دانی، گرنگی دا بە پسپۆڕی ورد لە كاركردندا بە بەكارهێنانی شێوازە زانستییەكانی، وەكو: (تێبینیكردن و تاقیكردنەوە و توێژینەوەی زانستی)، لە بری گریمانە و مەزەندەكردن، هەروەها تیشكی خستبووە سەر هاندانە ئابوورییەكان و دانانی كرێی كرێكارەكان لە سەر بنەمای یەكەی بەرهەمهاتووی ڕۆژانەی كە دەبێتە هۆی زۆربوونی بەرهەم و كەمبوونەوەی تێچوونەكان. هەروەها گرنگیەكی زۆری دا بە هەماهەنگی نێوان كرێكارەكان و كارگێڕی بۆ ئەنجام دانی كارەكان، بەوەی كە بەڕێوەبەر هەڵبستێ بە دانانی پلان و سەرپەرشتی كردن (صادق, ٢٠١٩: ٣٣-٦١).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

له گرنگترين ئەو خاڵانەی كە تەيلەر پێشنيازی كرد بۆ بەڕێوەبردنی چالاكييەكانی كارگێڕی بريتی بوون لە ناساندنی سروشتی كاركردن، دانانی كرێكاری شياو لە شوێنی شياو، بە پشت بەستن بە ياسای پسپۆڕی، ڕاهێنان، دانانی پێوەرێك بۆ دياريكردنی ئاستی بەرهەمی هەر كرێكارێك لەگەڵ پێدانی پاداشتێكی ماددی (الشماع، ١٩٩١: ٣٢-٤٣. سەرەڕای ئەمانە تايلۆر پێی وابوو كرێی كرێكار بە ئەندازەی ئەو پارچانە بێت كە بەرهەمی دەهێنێت (الجيوسی و جادالله، ٢٠١٤: ٢٨-٦٣).

هەر سەبارەت بە قوتابخانەی دابەشكاری كارگێڕی( Departmentalization or Administrative management) كە هنری فايۆل (١٨٤١-١٩٢٥) دامەزرێنەريەتی لە گرنگتين بير و باوەڕەكانی ئەوەبوو كە ئەرك و فەرمانەكانی كارگێڕی دابەش كرد بۆ پێنج كرداری سەرەكی، كە بريتين لە: پلاندانان و ڕێكخستن و سەركردايەتی و دروستكردنی بڕيار و هەماهەنگی لەگەڵ چاودێريكردن(صادق، ٢٠١٩: ٣٣-٦١). لەهەمان كاتدا فايۆل چەند تايبەتمەندييەكی دياريكرد كە پێويستە لە بەڕێوەبەرەكاندا هەبن، وەكو تايبەتمەندييەكانی جەستەيی و ژيری و هونەری و ڕۆشنبيری لەگەڵ هەبوونی شارەزايی و ئەزموون (صادق، ٢٠١٥: ٥٨-٨٢)، فايۆل بە مانەشەوە نەوەستا چواردە بنەمای كارگێڕی دانا كە بە چواردە بنەما كارگێڕييەكەی هنری فايۆل ناسرا، كە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

كاردابەشكردن, دەسەڵات, توندوتۆڵی, يەک سەركردەيی, يەک ئاڕاستەيی, پاشكۆيەتی تاك, پاداشت, ناوەنديەت, ڕيزبەندی مراجع, فەرمان, دادپەروەری, جێگيری و بێ لايەنی تاك, دەستپێشخەری لەگەڵ گيانی هاريكاری (الشماع، ١٩٩١: ٣٣).

جگە لەمانەش بيردۆزی بيرۆكراسی هەيە كە بە چەندين مانای تريش دێت وەكو: كارگێڕی حكومي, ڕۆتينی وشك, مەركەزيەتی دەسەڵات لە نوسينگە كارگێڕيەكاندا.

ئەم بيردۆزەش وەک قوتابخانەيەكی كلاسيكی كە ماكس فيبەری ئەڵمانی دامەزرێنەريەتی چەندين تايبەتمەندی لەخۆ دەگرێ، وەكو پلەبەندی لە دەسەڵات و كار، دابەشكردنی كار لەسەر بنەمای پسپۆڕی، بنچينە و ڕێنمايی، تۆماركردنی نوسراوەكان، بێلايەنی لە جێبەجێكردنی كارەكان دوور لە بەرژەوەندی كەسی، لێهاتوويی (الجيوسی و جادالله, ٢٠١٤ :٢٨-٦٣).

هەرچی قوتابخانەی ڕەفتارييە (المدرسة السلوكية:Behavioral School ) كە بە پردی پەڕينەوەی نێوان قوتابخانەی كلاسيكی و هاوچەرخ هەژمار دەكرێت، كۆمەڵێک لە تيۆر و قوتابخانەی هەمەجۆر لەخۆدەگرێت(الشماع,١٩٩١: ٣٢-٤٣). ئەم قوتابخانەيە سەريهەڵدا بۆ لێكۆڵينەوە لە هەڵسوكەوتی مرۆڤەكان لە ڕێكخراوەكان بۆ بەدەستهێنانی كارامەييەكی زۆر و گونجان لە كاركردندا، بە هۆی ئەوەی كە بەڕێوەبەرەكان ئەوانەی كە بنەماو فيكرەكانی قوتابخانەی كلاسيكيان پەيڕەو دەكرد نەيانتوانی كارامەيی و چوستی لە بەرهەمهێنان بەدەست بهێنن (صادق, ٢٠١٩: ٣٣-٦١).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021


لە گرنگترین ئەو بیربۆچوونانەی ئەم قوتابخانەیە، بریتی بوون لە: پێویستی گرنگیدان  بە کرێکارەکان و گروپەکان لە ڕێگای گرنگیدان بە  ڕەزامەندیان و گەشەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی بەرهەمهێنان (صادق و ئەوانی تر, ٢٠٢٠: ١٣-٤٤). هەروەها  الجیوسی و جادالله (٢٠١٤, ٢٨-٦٣) ئاماژەیان داوە بەوەی کە لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی ئەم قوتابخانەیەدا بیرمەندان چەندین ڕێگایان بەکارهێناوە بۆ زانینی کاریگەری ڕەفتاری مرۆڤایەتی لەسەر بەرهەمهێنان لەوانە: شێوازی تاقیکردنەوە، وەرگرتنی نمونە و شیکاری بار و دۆخ. لە بە ناوبانگترین زاناکانی ئەم قوتابخانەیە بریتیین لە: ئەلتون مایۆ (تیۆری پەیوەندییە مرۆییەکان) و ئەبراهام ماسلۆ (تیۆری پەیژەی پێداویستییەکانی ماسلۆ)، بە جۆرێک ماسلۆ هەڵسا بە پۆلینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ بۆ پێنج گروپ لەو پێویستیانەی، کە بریتین لە: پێداویستییە فیسیۆلۆجییەکان، پێداویستییەکانی دڵنیای و سەلامەتی، پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان، پێداویستییەکانی ڕێزلێنان و ڕێزگرتن لەگەڵ پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی  خودی(صادق, ٢٠١٩: ٣٣-٦١)

صادق و ئەوانی تر (٢٠٢٠، ١٣-٤٤) ناوی دۆجلاس ماکریکور (تیۆری س و ص)، فردریک هیرزبرج (تیۆری دوو فاکتەرەکە) هێناوە. سەرەڕای ئەمانەش، الشماع لە (١٩٩١، ٣٢-٤٣) ئاماژەی بە دوو ئاڕاستە و دوو بیرمەندی دیکە داوە بە ناوەکانی (میری بارکر فۆلت)  خاوەنی (توێژینەوەی فۆلت) کە بە شێوەیەکی تایبەت دەڕوانێتە گرنگی گروپ (Group) بەوەی بەردی بناغەی بونیادی ڕێکخراوەکانە، لەگەڵ (چستر بارنرد) کە ئەویش خاوەنی ڕوانگەی تایبەت بە خۆیەتی بە ناوی (جستر بارنرد) لە ساڵی ١٩٣٨ کتێبێکی بە چاپگەیاند بە ناونیشانی (ئەرکەکانی بەڕێوەبەر). (هێربەرت سایمون)یش گرنگی داوە بە دەرکردنی بڕیار، بە جۆرێک کە بەردی بناغەی بەڕێوەبردن دەرکردنی بڕیارە (الجیوسی و جادالله, ٢٠١٤: ٢٨-٦٣).

هەرچی قوتابخانە نوێیەکانی کارگێڕییە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم سەریهەڵدا و هەتا ئێستا (صادق،٢٠١٩: ٣٣-٦١)، بەڵام حریم (٢٠١٦: ٤٢-٧٠) مێژووی ئەم قوتاتابخانەیە بە گشتی و تیۆری سیستەم دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٠ تا ئێستا، هەروەها (Cummings et al, 2017,2-3)، لە توێژینەوەکەیاندا سەرهەڵدانی قوتابخانە نوێکان دەگەڕێننەوە بۆ شەش دەیە پێش ئێستا لەسەر بنەمای ژمارە و ڕێژەی ئەو توێژینەوانەی کە لەو ماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە لە گۆڤارەکانی بواری کارگێڕی، بۆئەوەی بە شێوەیەکی ڕوونتر لە بیری کارگێڕی تازە تێ بگەین پێویستە بڕوانینە نەخشەی مێژووی بیری کارگێڕی لەسەر ئاستی جیهان لە شێوەی ژمارە (3)دا. تێڕوانینی جیهانی جوڵانەوەی بیری کارگێڕی (کلاسیکی – سەردەم)، بڕوانە شێوەی ژمارە (4) لە خوارەوە:




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021



شێوەی ژمارە (3):

نەخشەی مێژووی کارگێڕی (Cummings et al, 2017: 3)




شێوەی ژمارە (4) :

تێڕوانینی جیهانی جوڵانەوەی بیری کارگێڕی ;کلاسیکی – سەردەم: (Pindur and Rogres, 1995: 69)

بە جۆرێک پشکی شێری مێژووی بیری کارگێڕی هاوچەرخ لەسەر ئاستی جیهان بە بەر شانشینی یەکگرتوو, ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەوێت کە دوو هەژموونگەرای گەورەن لەم بوارەدا، لە دوای ئەوانەوە بەشێکی تری ئەم مێژووە بە بەر یابان و ئوستراڵیا و نیوزلەندا و ئەفریکای باشوور دەبڕێت، بەڵام هەرچی وڵاتانی دیکەی ئەفریکا و ئاسیا و باشووری ئەمریکان، ئەوان هەژارن لە ڕووی بیری کارگێڕییەوە ( Cummings et al, 2017: 2-3).

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ئەم قوتابخانەیەش ژمارەیەکی زۆر لە تیۆری هەمەجۆر لەخۆ دەگرێت، گرنگترینیان تیۆری سیستەمی کارگێڕی یان (تیۆری سیستەم:System theory )ە کە دامەزرێنەرەکەی زانای بواری فیزیا و بایۆلۆجی لودویج فون بیرتالانفی بوو, ئەم تیۆرە دەڵێ بۆ تێگەیشتن لە کار و ئەرکی هەر قەوارەیەک بە شێوەیەکی تەواو پێویستە وەک سیستەم سەیر بکرێت (صادق و ئەوانی تر, ٢٠٢٠: ١٣-٤٤). بەڵام سەبارەت بە تیۆری بارودۆخ یان کارگێڕی هەڵوێستی وەک تیۆرێکی سەردەم (الجبوسی و جادالله ٢٠١٤: ٢٨-٦٣ ;صادق،٢٠١٤: ٥٨-٨٢) جەخت دەکەنەوە کە پێویستە جێبەجێ کردنی بنەماکانی بەڕێوەبردن بە شێوەیەک بێت کە بگونجێت لەگەڵ دۆخی ژینگەی ڕێکخراوەکە، واتە هیچ جۆرە پلاندانان و ڕێکخستن و بڕیاردان و سەرکردایەتیکردن و هاندان و چاودێریەک نییە کە گونجاو بێت بۆ گشت هەڵوێستەکان کە ڕووبەڕووی کارگێڕی دەبێتەوە. بەڵکو پێویستە بەڕێوەبەرەکان ڕێگای جۆراوجۆر بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ سروشتی هەڵوێستە جۆار و جۆرەکان.

سەبارەت بە کارگێڕی بە ئامانجیش (MBO) وەک دەروازەیەکی کارگێڕی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەر دوو زانا (پیتەر دراکر – جۆرج ئۆدیۆرن)، ئەم دووانە جەختیان کردەوە لەسەر پێویستی ئاراستەکردنی هەموو هەوڵەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە، بە جۆرێک خاڵی سەرەتا بریتییە لە دیاریکردنی ئامانجە گشتییەکانی ڕێکخراوەکە و دەستنیشانکردنی ئامانجەکان لە هەموو ئاستە کارگێڕییە جیاوازەکانی ڕێکخراو لە سەر ئاستی باڵا تا ئاستی خوارەوو(حریم, ٢٠١٦: ٤٢-٧٠).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

هەروەها (دیمینیج) سیستەمێکی کارگێڕی گشتگیری پێشکەشکرد، کە مۆدێلێک بوو لەسەر شێوازی یابانی, یان کارگێڕی جۆرایەتی گشتگیر(Total Quality Management:TQM), بە جۆرێک کارگێڕی جۆرایەتی گشتگیر ئامارەکان بەکاردەهێنێت بۆ شیکردنەوەی جیاوازییەکان (Pindur and Rogres, 1995: 73).

جگە لە بواری کارگێڕی، سەرکردایەتیکردن (Leadership) وەک بابەتێکی گرنگ و هەستیاری بواری کارگێڕی لە زۆربەی لێکۆلینەوە و توێژینەوەکان گرنگی پێدراوە و چەندین تیۆری کارگێڕیش هەیە لەم بارەوە وەک: تیۆری پیاوی گەورە, تیۆری تایبەتمەندی, تیۆری بارودۆخ, تیۆری ڕەوشت و هەڵسوکەوت, تیۆری سەرکردەی مەیدانی, تیۆری سەرکردەی مامەڵەیی لەگەل تیۆری سەرکردەی گۆڕانکاری.

بە شێوەیەکی گشتی هەموو تیۆرەکان جەخت دەکەنەوە کە سەرکردە پێویستە گرنگی بدات بە لایەنی ڕەوشت و لاشە و دیموکراتی بوون و قۆستنەوەی بارودۆخ و هاندان و بەخشینی بنکردەکان (Khan and Khan, 2016:1-3).

## بەشی دووەم: فۆلكلۆر و پەندی پێشینانی كوردی

### ٢-١فۆلکلۆر

فۆلکلۆر ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی بیر و باوەڕی هەر میللەتێک لەسەر هەر دیاردە و بابەتێکی ژیان. خودی زاراوەکەوە زیاتر بۆمان ڕووندەکاتەوە، کە " لە دوو بەش پێکدێت (Folk) کە بە واتای (خەڵک) دێت و (Lore)یش بەواتای (زانست، زانیاری) دێت، کە بەیەکەوە واتای (زانستی گشتی– زانیارییەکانی گەل) دەدات."(احمدی،١٣٨٦: ٢١٥) لەم بارەوە نووسەری ڕووس "ماکسیم گۆرکی" دەنووسێت: "ناتوانرێت مێژووی ڕاستەقینەی هیچ گەلێک بزانرێت ئەگەر ئەو بەرهەمانەی نەزانرێت کە دەما و دەم گێڕراونەتەوە"(ڕەسووڵ"١٩٨٤: ٧٠). دیارە ئەم زاراوەیەک زاراوەیەکی ئینگلیزییە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٤٦ لە لایەن (W.G.Thoms) بەکارهاتووە(موکری،١٩٨٤: ٢٩)، کە چەندین لق و پۆپی لێ دەبێتەوە، وەک :( ئەفسانە، داستان، گۆرانی، مەتەڵ، حیکایەت، پەندی پێشینان و گاڵتە و گەپ ...)، کە بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەر یەکێکیان دەتوانین لە فەرهەنگ و جۆری بیرکردنەوەی خاوەن فۆلکلۆر بگەین و پێی ئاشنابین.

دەتوانین بڵێین کە "فۆلکلۆر دەستهاتی ئەزموونی گەورەی مرۆڤایەتییە، زەخیرەیەکی زانیاری هەمیشە زیند و پایەدارە، سامانی زانیاری گرانبەهایە کە لە سەدان ساڵ پێش ئەو ڕۆوە ئەو خەڵکە دروستیان کردووە، کە هەموو نەخش و بابەتەکانی بە دەستی هەموو خەڵکی گەیشتووە، خاسیەتەکانی ئەم خەڵکەی بەخۆوەگرتووە."(حسین،٢٠٠٧ :٥)، ڕەنگە ئەم پێناسەیە پڕ بە پێستی ناونیشانی بابەتەکەی ئێمەبێت، کە فۆلکلۆری بە "زەخیرەیەکی زانیاری" داناوە، کەواتە دەکرێ بەرهەمێکی فۆلکلۆری لە شێوەی پەندی پێشینان بکرێ بە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ سەلماندنی هەبوونی بیری کارگێڕی لەلای باو و باپیرانمان . هەروەک (ڤاسیلی نیکیتین)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

دەنووسێ: "ئەدەبی کوردی – لە پلەی یەکەمدا، فۆلکلۆری کوردی یە، لەو فۆلکلۆرەدا هەر تەنیا پاشماوە و میراتی نەوە و پشتەکانی پێشوو نابینرێ، بەڵکو ئەمرۆش ئەو فۆلکلۆرە بەڵگەیە بۆ بە توانایی لە ژیاندا و بۆ ڕەنگینیی هێزی بەرهەم هێنان."(ڕەسووڵ،١٩٧٩: ١١) ئەمەش گوزارشتە لەوەی هەتا تەمەن و مێژووی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانمان کۆنتربن، مەزنتر و کاریگەرتردەبن، هەروەها بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەبن بە زانیارییەکی وەدەستهاتوو بۆ ڕۆڵەکان، لە هەمان کاتدا کەرەسەیەکی خاوی لێکۆڵینەوەی ئەدەبین بۆ دۆزینەوەی سەرەتایەک لە تیۆر و بنەما زانستییەکان لە لای پێشینانی کورد.

## ٢-٢ پەندی پێشینانی کوردی:

میللەتی کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن فۆلکلۆر و وابەستە بە پێشینانیانەوە وای لێ کردووە هەمیشە وێڵبن بە دوای قسە و وتە و پەند و ئامۆژگاری پێشینانیان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگەی دڵخۆشیە، چونکە ئەم حەز و خۆشەویستییەیان بۆ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان لە ناویاندا پەندەکان ڕێگربووە لەبەردەم فەوتان و لەناوچوونیان. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ناتوانرێ بەم شێوەیە بۆ هەمیشە بیانپارێزین، بۆیە دەبێت بیر لە تۆمارکردن و کۆکردنەوەشیان بکرێتەوە کە بووە بە خەمێکی گەورە لای مامۆستای گەورەی کورد "شێخ محەمەدی خاڵ" لە پێشەکی کتێبی "پەندی پێشینان"ەکەیدا، دەڵێت: "ئینجا ئەگەر هەروا بڕوا، لە پاش چەند ساڵێکی تر، ئەم کەلەپوورە وێژەیی یە بە نرخەمان ئەچێتەوە باوەشی پێشینان، بە دەستی خۆمان زیندە بەچاڵیان ئەکەینەوە ئەگەر کۆشیان بکەینەوە، ئەوا نامەخانەیەکی گەورە پێکەوە ئەنێین، دائیرەی زانیاری (معارف)یەکی سەدەها ساڵ ئەخەینە سەر یەک."(خاڵ،١٩٥٧: ١٠) بەڵام ئەمەش وەنەبێ بە تەنها لەنێو یادگەی خەڵکەکەدا پارێزرابن، بەڵکو لە لایەن نووسەر و ئەدیب و ڕۆناکبیرانی کوردیشەوە هەوڵی تاک و تەرا دراوە بۆ کۆکردنەوەیان و تۆمارکردنیان بە مەبەستی پاراستنیان. یەکەم هەوڵیکیش کە لەم مەیدانەدا درابێ بۆ سییەکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە لە لایەن "ئیسماعیل حەقی شاوەیس" نزیک بە "٦١٢" پەندی کوردی لە دووتێی کتێبێکدا بە ناونیشانی "قسەی پێشینان، کوستاو لوبون" لە چاپخانەی "ایتام" لە ساڵی "١٩٣٣" لەشاری بەغداد لە چاپداوە.

هەر لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا لە ساڵی "١٩٣٨" نووسەری کورد "مەعروف جیاوک" کۆمەڵێ پەندی کوردی کۆکردووەتەوە بە ناونیشانی "هەزار بێژ و بەند" لە چاپخانەی "نەجاح" لە بەغدا لە چاپی داوە، وەک لە ناونیشانەکەوە دیارە "١٠٠٠" پەندی کوردی لەخۆگرتووە. دواتر گۆڤارە کوردییەکانی چلەکان، وەک "گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە و دیاری لاوان، ...." تا ڕادەیەک ئاوڕیان لە پەندەکان داوەتەوە و لەنێو لاپەرەکانی ئەم گۆڤارانەدا پەندێکی زۆر کۆکراونەتەوە و گۆشەی تایبەتیان بۆ بابەتە فۆلکلۆرییەکان بە تایبەتیش پەندە کوردییەکان داناوە(پەتی،٢٠٠٥: ٢٠-٩٤). هەر بەمەش نەوەستاوە لە دوای ئەم هەوڵانەوە چەندین هەوڵی دیکەش دراوە.

پەندی پێشینان لە ئەدەبی فۆلکلۆری هەر میللەتێکدا گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەی پەند لە جۆەکانی دیکەی فۆلکلۆر، وەک: (حەکایەت، ئەفسانە، داستان....) جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە پەندەکان دەبن بە بەشێک لە قسە و گوفتاری ڕۆژانەی تاکەکان، واتە دەکرێ تاکێکی نەتەوە هیچ داستان و حەکایەتێک، یا ئەفسانەسەک نەزانێ،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

بەڵام هیچ تاکێک نادۆزیتەوە لەنێو ئەم نەتەوەیەدا کە لە قسە و گوفتاری ڕۆژانەیدا سوود لە پەندەکانی پێشینانی خۆی وەرنەگرێت. پەندەکان کە بوون بە وێردی سەر زمانی تاکەکانی نەتەوەیەک، ئەگەرچی کۆمەڵێک ڕستەی کورت و پوختن و لەچەند وشەیەک زیاترنین، بەڵام دونیایەکن لە واتا و لێکدانەوە، دەرخەری بیری گەلێکن. خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندین، لەوانە: (کورت و پوخت، هەڵگری پەند و ئامۆژگاری، ڕەنگدانەوەی شێوەی ژیان، سەرنجڕاکێش و کاریگەر، سادە و ڕێک و پێک، ئاگادارکەرەوە بێت، ڕابردووی گەل نیشان بدەن، لە ڕووداو و بەسەرهاتی ئەزموونی گەلەوە وەرگیرابێ، لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە دەبێت لە ناو خەڵکیدا باوبن و نرخیان پێ بدرێ.

لە ڕووی زاراوەوە لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی "proverb"ی بۆ بەکاردێت، عەرەبەکان زاراوەی "مثل" بە واتای لێکچوون، یاخود وەکیەکی بوونی شتێک بە شتیکی دیکە، یانیش بە واتای ڕاست وەستان و لەسەر قاچ وەستاو، . هەرچی نەتەوەی فارسە بە هەمان شێوەی عەرەبەکان سوودیان لە زاراوەی "مثل"، یا "متل"، یاخود "ضرب المثل" بەواتای "داستان زدن" خستنەڕووی بەسەرهات کە مەبەستێکی دیکەی هەیە. لە زمانی عیبری "ماشاڵ" و لە ئارامیشدا "مەتلا" بەکارهاتووە(ذلفقار،١٣٨٨ :١٩-٢٠).

هەرچی میللەتی کوردە بۆ ئەم چەمکە "قسەی پێشینان" یا "پەندی پێشینانیان" بەکاردەهێنن(جەلیل-جەلیل،١٩٧٢: ٧)، ئەمەش سەلمینەری ئەو ڕاستیەن کە پەندەکان قسە و ئامۆژگاری باوانن. کە خۆی لە دوو بەش دەبینێتەوە "پەند" کە بە واتای "حیکمەت، ئامۆژگای" دێت. "پێشینان" واتای " باوباپیران" ئەوانەی لە ژیاندا نەماون.

لەڕووی ناسینەوە/ ئەگەر لە بارەی پەندی پێشینانەوە بدوێین، هەڵبەتە ئەم جۆرە ئەدەبە فۆلکلۆرییە وەک هەر جۆرێکی دیکەی ئەدەب پێناسە و ناساندنی جۆر بە جۆری بۆ کراوە، کە ئەمەش بەپێی تێڕوانین و دونیابینی نووسەرەکەی بووە، لەبەرئەوەی تێڕوانین و سەرنجی کەسەکان هەمەجۆرن کەواتە پێناسەکانیش جیاواز دەبن. لەم بارەوە دەگوترێ"ڕستەیەکی کورت، هەڵگری پەند و ئامۆژگاری حەکیمانەیە، لە ڕووی واتاوە ڕوون و دروستە، سەرنجڕاکێش و ڕەنگدانەوەی شێوەی ژیانە و پشت ئەستوور بە ئەزموون، سادە و بێ کەم و کوڕییە، لە ناو کۆمەڵدا باوە و بەکارهێنەری زۆرە"(ذلفقار،١٣٨٨ :٢٣). ئەم پێناسەیە سەرجەم تایبەتمەندی ناوەڕۆک و ڕووخساری پەندمان بۆ دەخاتەڕوو، دەکرێ بگوترێ پڕاو پڕە لە ناساندنی پەند. یانیش دەگوترێ: "پەندەکان میراتی پێشینانمانن و ڕەنگدانەوەی ڕاستگۆیانە و بێگەردانەی بیر و هزری تاکەکانی هەر نەتەوەیەکە" هەروەها دەڵێت: "پەند هەموو دانایی و زانینەکانی مرۆڤی لەخۆگرتووە و کوشراوی بیر و هزی هەر نەتەوەیەکە"(همایی،١٣٧٤ :١٤٣-١٤٤). ئەم پێناسەیە لە ڕوانگەی ناسنامە و نەتەوەیی بوونەوە دەڕوانێتە پەندەکان ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینیتەوە کە پەندەکانی هەر نەتەوەیەک گوزارشتە لە هزر و بیری نەتەوەکە و جۆری بیرکردنەوەیان کە دواجار بۆیان دەبێت بە ناسنامەیەک و پێی دەناسرێنەوە.

هەروەها "شێخ محەمەدی خاڵ" لە کتێبی "پەندی پێشینان"ەکەی بەو جۆرە پێناسەی کردووە: "وتارێکی کورتی، ڕێک و پێکی، جوانی، بەتامی، بە تەوژمی، کاریگەرە و کە لە دڵ و دەروونێکی، بێداری، ئاوەدانی، ئاگاداری،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

پێشینانەوە هاتبێتە دەرەوە، لە دوای بەراورد و تاقی کردنەوەیەکی دوور و درێژ"(خاڵ،١٩٧١: ١٠). لە کتێبی "زاراوەسازی ئەدەبی" دا هاتووە: "پەندی پێشینان ئەو ڕستە کورتانەی ناو زمانە جیاجیاکان پێکدێنن کە پەردە لەسەر حەقیقەتیکی سەبارەت بە ژیان بە مرۆڤ و جیهان هەڵدەدەنەوە و دانەرەکانیشیان نادیارن"(سەجادی-مەحموودی،٢٠٠٤: ١١٧). لە فەرهەنگی (دهخدا) دا هاتووە" پەندی پێشینان: بریتییە لە باسکردنی شتێک تا کاریگەرییەکەی ئاشکرابێ لەسەر شتێکی دیکەی جگە لە خۆی."(دهخدا،١٣٧٧: ١٥١٥٩).

لەنێو هەموو ئەم پیناسانەدا دەگەینە ئەوەی کە بڵێین، پەندی پێشینان لە نێو تاکەکانی کۆمەڵ و ژیانی ڕۆژانەی ئەواندا بەدەست دێت و پشتا و پشت و دەم بە دەم لە باو و باپیرانەوە بۆ نەوەکان جێماون و خاوەنیان دیارنین و لەهەمان کاتدا هەموو میللەت خاوەنیەتی، کە هەموو ئەو ڕستە کورت و پوختانە دەگرێتەوە کە هەڵگری پەند و ئامۆژگارین و لە سات و کاتی دیاریکراودا بۆ ئاگادارکردنەوە، یاخود ڕاکێشانی سەرەنجی کەسێک بە مەبەستی چاکردنی، یاخود کورتکردنەوەی قسەگەلێکی زۆر ...هتد. کە شێوازی بیرکردنەوە و تێڕامانی باو و باپیرانمان نیشان دەدەن بەرامبەر بە ژیان و مرۆڤ.

## بەشی سێیەم: بیری کارگێڕی لە پەندی پێشینانی کوردیدا:

بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان لە ناویاندا "پەندی پێشینان" پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ زانستە مرۆڤایەتییەکانی، وەک :( کۆمەڵناسی- دەروونناسی- سیاسەت- مرۆڤناسی ....)دا هەیە، لە نێویاندا زانستی کارگێڕی. لەبەرئەوەی پەندەکان زادەی بیری باوباپیران، ئەم بیر و هزرانەشی کە باوباپیرانمان دەریان بڕیوون زۆرجار خۆیان لە بابەتێکدا دەبیننەوە کە ئەم بابەتەش بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆیان لە بووارێک یا لقێکی نێو ئەم زانستانە دەبیننەوە. بۆیە گەر بە وردی سەرنج لە پەندە کوردییەکان بدەین دەبینین ئەم تیۆرانەی کە زانایانی کارگێڕی لە کۆنەوە، تاکوو ئێستا دایان ڕشتوون لە یادگە و بیر و هزری باوباپیرانی کوردیشدا بوونیان هەبووە، کە لەنێو پەندەکانیاندا ڕەنگیان داوەتەوە. وەک چۆن ژنە نووسەری ڕووس "ئەریستۆڤای" دەڵێت: "ژیری و هۆشیارییەکی گەورە لە حیکایەتی ناو خەڵک و پەندی پێشینان و قسەی نەستەقدا دەرئەکەوێ، لەوێدا وێنەی مێژوو، قەوماو، ڕەوشت و عادەتی گەلی کورد ڕوون و دیارە"(ڕەسووڵ،١٩٧٩: ١٢١). ئەگەرچی میللەتی کورد لەنێو میللەتانی دونیادا لە ڕەوتی زانستیدا لەدوایە و هیچ بیردۆز و خاوەن تیۆرێکی لە بارەی کارگێڕییەوە نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەنەبێ تاکی کورد پەی پێ نەبردبێ، بەڵکو ساڵەهای ساڵ پێش ئێستا لە لای پێشینانمانەوە ئەو بیر و چەمکانە بە شێوەیەکی سادە بوونیان هەبووە، بەڵام پەرەیان پێنەدراوە. ئەگەر وردبینەوە دەبینین لەنێو ئەو پەندانەی کە لەوانەوە بۆمان جێماون کۆمەڵی بیری جوان لە بارەی بەڕێوەبردنەوە بەدی دەکرێن.

ئەم پەندانەش لە زانستی کارگێڕیدا تیۆرێک، یا چەند تیۆرێک پشتیوانیان لێدەکات، کە دانەرەکانیان بە ناوی خۆیان و نەتەوە و وڵاتەکەیانەوە تۆماریان کردوون و بوون بە جێگەی شانازی بۆ وڵات و نەتەوەکەیان. ڕەنگە بەشێکی ئەم پەندانەشی کە وەک نموونەی نێو ئەم توێژینەوەیە بەکارهاتوون لەنێو نەتەوەکانی دیکەشدا بوونیان هەبێ و ڕەنگیان دابێتەوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنییە کە هی کورد خۆیان نەبێت، چونکە پەندەکانیش زادەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

بیری مرۆڤن کە زۆرجار واقیعی کۆمەڵایەتی و سەردەم و بارودۆخ وادەکەن تاکەکانی نێو دوو نەتەوەی جیاواز هەمان بیرکردنەوە و هەمان تێڕوانینیان بۆ دیاردە و بابەت و کێشەکانی دەوروبەریان هەبێ. هەروەک "دکتور عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ" لە کتێبی "لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی" دەنوسێ: " گەر بەوردی لێی بکۆڵینەوە ئەبینین بەشێکی زۆر لە پەندەکانی گەلانی ڕۆژهەڵات هاوبەشن و لەیەک ئەچن، ئەمەش هەر بەوە لێک ئەدرێتەوە کەوا ژیانی ئەم گەلانە لە زۆر دیمەنیدا لەیەک ئەچێت و لە ڕووی گۆڕان و بەرەو پێش چوونی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی یەوە ئەم گەلانە بە پلە و ڕ ژێمی لەیەک چودا تێپەڕبوون و پیاوی ژیریان تەجروبەی لەیەک چوویان دەربارەی ژیان وەرگرتووە"(ڕەسوول،١٩٧٩: ١٠٧).

لێرەدا هاتووین هەموو ئەو پەندانەی دوور و نزیک لەنێو کوردانده بۆ بابەتی کارگێڕی سوودیان لێ وەردەگیرێت و دووپاتی کاری ڕێکخراو و بەڕێوەبردن دەکەنەوە لە چەند خشتەیەکدا ببەستینەوە بە تیۆرێک یان چەند تیۆرێکی زانستی کارگێڕی و ناوی بیرمەند و تیۆردانەرەکانیان و ڕوونکردنەوەیان. لە سەر بنەمای ئەو بیر و چەمکانەی کە لەم زانستەدا بوون بە تیۆر و بۆچوونی زانستی بەهێز. بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم/ پسپۆڕی و کاردابەشکردن:**

| دەقی پەندی کوردی | مانای پەند بە پوختی | ئەو تیۆرە کارگێڕیەی کە پاڵپشتی دەکات یان نزیکە لێوەی | بیرمەند/ دامەزرێنەری قوتابخانە کارگێڕیەکە |
|---|---|---|---|
| ١. خەرمان کوتاندن کاری بزن نییە (خاڵ،١٩٧١: ٢٠٠) | **پسپۆڕی (کاردابەشکردن لەسەر بنەمای پسپۆڕی)** | تیۆرەکانی کارگێڕی زانستی | فردریک تایلەر(١٨٥٦-١٩١٥) |
| ٢. ڕەز بۆ ڕەزەوان بەز بۆ بەزەوان (خاڵ،١٩٧١: ٢٥٢) | | قوتابخانەی دابەشکاری کارگێڕی | هنری فایۆل (١٨٤١-١٩٢٥) |
| ٣. ئاردی بدە ئاردبێژی، با نیوەی بڕێژی (ئیلنجاغی،٢٠١٠: ٥) | | | |
| ٤. فێری ڕۆین بە، ئینجا دەست بکە بە ڕاکردن (خاڵ،١٩٧١: ٣٠٨) | | | |
| ٥. کاری زل بە بچووک مەسپێرە (خاڵ،١٩٧١: ٣٢١) | | | |
| ٦. مریشک لاسایی قاز بکاتەوە قنگی ئەدڕێ (خاڵ،١٩٧١: ٤٢١) | | | |
| ٧. نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب (خاڵ،١٩٧١: ٤٤١) | | | |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨. بزن بۆ بێرە، گاجووت بۆ گێرە (ئیلنجاغی،٢٠١٠: ٤٧) | | | |
| ٩. دەست و پێ سپیلکە (ئیلنجاغی،٢٠١٠: ١٠٦) | | | |
| ١٠. جووت بۆ گاجووتە نەک بۆ سەگی سەر ڕووتە.(ئیلنجاغی،٢٠١٠: ٧٩) | | | |

**خشتەی ژمارە (٢): پسپۆڕی یان کاردابەشکردن لە پەندی پێشینانی کوردیدا**

ئەم پەندانەی کە لە بارەی کاردابەشکردن(Division of work) و پسپۆڕی(Specialization) یەوە دەدوێن لە فۆلکلۆری کوردیدا پشکی شێریان بەرکەوتووە، ئەمەش گوزارشتە لەوەی کە باو باپیرانی ئەم میللەتە بە گرنگییەوە لەم بابەتەیان ڕوانیوە و زیاتر لە هەموو بوارەکانی دیکەی کارگێڕی ئاوڕیان لە پسپۆڕی و شارەزایی و کارزانی داوەتەوە، وەک لە خشتەی ژمارە (٢) لە سەرەوە بە ڕوونی دیارە کە (١٠) دە پەندمان لە بارەی پسپۆڕی و کاردابەشکردنەوە هێناوە کە زادەی بیر و هزر و ئەقڵی باو و باپیرانی میللەتی کوردن.

هەموو ئەم پەندانەی سەرەوە هەر یەک لە تیۆر و قوتابخانەکانی بیری کارگێڕی، وەک (تیۆرەکانی کارگێڕی زانستی- فردریک تایلەر (١٨٥٦-١٩١٥) و قوتابخانەی دابەشکاری کارگێڕی- هنری فایۆل (١٨٤١-١٩٢٥) ئەم دوو تیۆرە لە نێو زانستی کارگێڕیدا زیاتر گرنگی بە چەمکی پسپۆڕی و کاردابەشکردن دەدەن. ئەوەی جێگەی تێڕامانە هەمان بیر و هزری نێو ئەم تیۆرانەش لە فۆلکلۆری کوردەواری ئەم میللەتەشدا بە شێوەیەکی دیکە ڕەنگی داوەتەوە و بگرە لەوەو پێشتریش هەبووبن، چونکە هەر دوو تیۆرەکە و دانەرەکانیان و مێژووەکەیان لە دوو سەدە تێپەڕ ناکات، بەڵام پەندەکان قسەو گوفتاری پێشینانی کوردن کە مێژوویەکی دوور و درێژ پشتیوانیان دەکات. ڕوونتر بڵێین کاتێک کورد دەڵێت: "**کاری زل بە بچووک مەسپێرە**"(خاڵ،١٩٧١: ٣٢١) چونکە لە توانای ئەو نییە و پیاوی خۆی دەوێت، بۆیە پێمان دەڵێن دەبێت کار بدرێت بە پسپۆڕ و کارزانی خۆی. یان دەڵێن: "**مریشک لاسایی قاز بکاتەوە قنگی دەدڕێ**"(خاڵ،١٩٧١: ٤٢١) ئەمەشیان بەبێ هۆ نەوتووە چونکە هەر کەسە و کاری خۆی و ئەوەی بە قاز دەکرێ لە توانای مریشک نییە. یاخود دەڵێن: "**نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب**"(خاڵ،١٩٧١: ٤٤١) هەر کەسە و کاری خۆی، ئەگەر قەساب کاری نانەوایی بکات و نانەواش ببێ بە قەساب، ئەوا ئەو کات قازانج سەری مایەی دەخوا.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

**دووەم/ کات و پلاندانان:**

| دەقی پەندی کوردی | مانای پەند بە پوختی | ئەو تیۆرە کارگێڕییەی کە پاڵپشتی دەکات یان نزیکە لێوەی | بیرمەند/ دامەزرێنەری قوتابخانە کارگێڕییەکە |
|---|---|---|---|
| ١. ئیشی ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ (خاڵ،١٩٧١: ٧٣) | **گرنگی کات / پلاندانان** | تیۆرەکانی کارگێڕی زانستی | فردریک تایلەر(١٨٥٦-١٩١٥) |
| ٢. سێ و دووی لێمەکە (خاڵ،١٩٧١: ٢٨٩) | | قوتابخانەی دابەشکاری کارگێڕی | هنری فایۆل (١٨٤١-١٩٢٥) |
| ٣. ٣شەری بەیانیان لە خێری ئێواران باشترە (خاڵ،١٩٧١: ٢٩٧) | | | |
| ٤. هەر ڕۆژێ کاری خۆی وا لەتەک خۆیا ٤٨٥(خاڵ،١٩٧١: ٤٨٥) | | | |
| ٥. ئیشی بە وەختی، پاشای سەر تەختی (حەویزی،٢٠٢٠: ١٩) | | | |
| ٦. ئەوەی ئەمڕۆی دا بەدوێنێ، داریکی چووە قوونێ (ئیلنجاغی،٢٠١٠: ٢١) | | | |
| ٧. لە ئاش دواکەوتوو و لە ڕێ ڕائەکا. (خاڵ،١٩٧١: ٣٨٢) | | | |

**خشتەی ژمارە (٣): کات و پلاندانان لە پەندی پێشینانی کوردیدا**

گەر لە خشتەی ژمارە (٣) وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێت، لە زانستی کارگێڕیدا تیۆرێک هەیە بە ناوی (تیۆرەکانی کارگێڕی زانستی- کە لە لایەن (فردریک تایلە لە ساڵی ١٨٥٦-١٩١٥)دانراوە. ئەم تیۆرە، لەگەڵ تیۆری (قوتابخانەی دابەشکاری کارگێڕی) کە دانەرەکەی (هنری فایۆل ١٨٤١-١٩٢٥) هەر دوو تیۆرەکە لە زانستی کارگێڕیدا جەخت لەسەر کات(Time) و پلاندانان (Planning) دەکەنەوە، ئەوەی جێگەی بایەخ و تێڕامانە دەبینین میللەتی کوردیش هەر لە دێر زەمانەوە لە لایەن باوباپیرانی ئەم میللەتەوە کۆمەڵێک پەند و قسە و باس کراون کە بیرۆکە و واتای ئەم قسەو باسانە لەگەڵ بیر و چەمکی ئەم تیۆرانە یەک دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە پێشینانی کورد کاریان بۆی نەکردووە و هەوڵیان نەداوە لە مەیدانی زانستی کارگێڕیدا ئەسپی خۆیان تاوبدەن و بێنە ڕیزی میللەتانی پێشکەوتووی ئەو بوارە. ئەوەی لەم خشتەیەدا دیارە ساڵی دانانی هەر دوو تیۆرەکەیە کە یەکێکیان سەدەی بیستە و ئەوی دیکەیان کۆتای سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستە، بەڵام هەرچی پەندەکانە لەبەر ئەوەی بابەتێکی فۆلکلۆرییە ناتوانرێ بە دیاریکراوی سات و کاتەکەی بزانرێ، بۆیە دەکرێ مێژووەکەی بەر لە دانانی ئەم تیۆرانە یاخود، کات و ساتی تیۆرەکان بێت. بەڵام ئەوەی گرنگە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئەوەیە میللەتی کوردیش لە بیری باو باپیرانیاندا چەمکی کات و پلاندانان باسی لێوەکراوە و جێگەی بایەخ بووە وە لەم بوارەدا  توێژەران ٧ حەوت پەندیان دەستکەوتووە کە بریتین لە مانەی سەرەوە:

وەک گوتوویانە: "**شەری بەیانیان لە خێری ئێواران باشترە**"(خاڵ،١٩٧١: ٢٩٧) ئەمە بێ هۆ نەگوتراوە چونکە لە کۆندا ئەم میللەتە تاکە سەرچاوەی ژیانیان کشتوکاڵ و دورویّنە و چاندن و زەخیرەبووە، ئەمەش پێویستی بە بیرێکی کارگێڕی هەبووە بۆ بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی هەموو ئەو کارانە، بۆیە هەر زوو درکیان بە ڕۆڵ و گرنگی کات کردووە و ئەوەیان لا ڕوونبۆتەوە کە ئەگەر لەگەڵ ڕۆژهەڵاتندا نەکەونە سەر کار ئەوا لێنابنەوە و شەویان بەسەرردادێ و کارەکانیان بەسەردا دەمێنێتەوە، وەک گوتویانە: "**کارەکەیان بە قوون دامایەوە**". لە هەمان کاتیشدا ئەو کەسەی کە کارەکەی لە کاتی خۆیدا ئەنجام داوە و بەسەریدا نەماوەتەوە وەکوو خۆشبەخت و خاوەن بەرهەم لێیان ڕوانیوە، وەک دەڵێن: "**ئیشی بە وەختی، پاشای سەر تەختی**"(حەویزی،٢٠٢٠: ١٩)، چونکە ڕاپەڕاندنی کار ئاسوودەی و ئارامی دەدات بە خاوەنەکەی، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

**سێیەم/ سیفاتی سەرکردە:**

| دەقی پەندی کوردی | مانای پەند بە پوختی | ئەو تیۆرە کارگێڕیەی کە پاڵپشتی دەکات یان نزیکە لێوەی | بیرمەند/ دامەزرێنەری قوتابخانە کارگێڕیەکە |
|---|---|---|---|
| ١. ئەو پیاوە گەورەی کە خۆش باوەرە، بە دەست خەلکەوە میکوتی ساوەرە (ئیلنجاغی،٢٠١٠: ١٧) | **سیفاتی سەرکردە** | تیۆرە کارگێڕیەکانی وەک تیۆری پیاوی گەورە, تیۆری تایبەتمەندی و تیۆری رەوشت و هەڵسوکەوت | ...... |
| ٢. پیر تا نەکا تەگبیر، نابێ بە میر (ئیلنجاغی،٢٠١٠: ٧٢) | | | |
| ٣. ئەو کار بەدەستەی کە کار شوناسە، کردەوە ناسە خاتر نەناسە (ئیلنجاغی،٢٠١٠: ١٩) | | | |
| ٤. سەرگەورەمان مکام وسوە، ئەویش قوونی بە گوە. (ئیلنجاغی،٢٠١٠: ١٤٨) | | | |
| ٥. تا خان ئەسازێ، لەشکر ئەترازێ. (خاڵ،١٩٧١: ١٤٦) | | | |
| ٦. ئاشی نەزان خودا دەیگێڕێ. (ئیلنجاغی،٢٠١٠: ٦) | | | |

**خشتەی ژمارە (٤): سیفاتی سەرکردە و لە پەندی پێشینان**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

کارگێڕی وەکوو زانستێکی سەردەم بە گرنگییەوە دەڕوانێتە ڕۆڵ و سیفاتەکانی سەرکردە ( Leaders attributes) . لەم بارەوە چەند تیۆرێکی هەیە، کە پاڵپشتی ئەم پەندانە دەکەن کە لە خشتەی ژمارە (٤)دا هەن، وەک تیۆرەکانی: پیاوی گەورە; کە جەخت لەسەر بوونی سەرکردە و ڕۆڵی کەسی گەورە دەکاتەوە لە بەڕێوەبردندا, و تیۆری تایبەتمەندی و ڕەوشت و هەڵسوکەوتیش بە هەمان شێوە گرنگی دەدەن بە سیفات و تایبەتمەندی و هەڵسووکەوتی سەرکردەوە و بەڕێوەیەر کە کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر ئەدا و جێبەجێکردنی کارە کارگێڕییەکان. وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت پوختەی ئەم تیۆرانە بوونی پیاوی مەزن و سیفات و تایبەتمەندییەکانی لەخۆ دەگرێت، کە ئەم بیر و هزرەش هەر لە دێر زەمانەوە کەسە ژیر و هۆشیارەکانی کورد درکیان پێی کردووە و لەنێو پەند و ئامۆژگارییەکانیاندا ڕەنگیان پێداوەتەوە و وەکوو پەند و ئامۆژگاری بۆ نەوەکانی دوای خۆیانیان جێهێشتووە، بۆیە گوتوویانە: "**ئەو پیاوە گەورەی کە خۆش باوەڕە، بە دەست خەڵکەوە مێکوتی ساوەرە**"(ئیلنجاغی،٢٠١٠: ١٧). کەواتە کەسە ژیرەکانی ئەم میللەتە زوو درکیان بەوە کردووە کە کەسە گەورەکان ئەو کاتە دەتوانن ڕۆڵی مەزن بگێڕن کە سیفات و خاسیەتەکانی کەسی گەورەیان تێدابێ. هەروەها پێشمان دەڵێن: "**ئەو کاربەدەستەی کە کارشوناسە، کردەوە ناسە، خاتر نەناسە**"(ئیلنجاغی،٢٠١٠: ١٩). لە هەمان کاتدا سیفات و ڕەوشت و تایبەتمەندی کەسی سەرکردەشمان پێدەڵێن. هەروەها پێشمان دەڵێن ئەگەر سەرکردە سیفاتی سەرکردەیی تێدانەبێ کارەکان چۆن ئاڵۆزدەبن، وەک دەڵێن: "**تا خان ئەسازێ، لەشکر ئەترازێ**"(خاڵ،١٩٧١: ١٤٦)، کەواتە سیفاتی لاواز و بی دەست و پلی و تەمبەڵی سیفاتی سەرکردەنییە و ڕەنگدانەوەی لەسەر خراپبوونی کارەکە دەبێت. بێگومان ئەمانەش لەخۆوە نەوتراون و بەشێکن لە ئەزموونەی کە ئەم گەلە پێیدا تیپەڕیوە.

**چوارەم/ یەک سەرکردەیی:**

| دەقی پەندی کوردی | مانای پەند بە پوختی | ئەو تیۆرە کارگێڕییەی کە پاڵپشتی دەکات یان نزیکە لێوەی | بیرمەند/ دامەزرێنەری قوتابخانە کارگێڕیەکە |
|---|---|---|---|
| ١. دوو حاکم نابێ لە شارێ و دوو قازی نابێ لە ماڵێ (ئیلنجاغی،٢٠١٠: ١٢٢) | **یەک سەرکردەیی** | قوتابخانەی دابەشکاری کارگێڕی (یەکێک لە چواردە بنەماکارگێڕیەکەی هنری فایۆل) | هنری فایۆل (١٨٤١-١٩٢٥) |
| ٢. دێی فرە کوێخا ناحەسێتەوە، بزن هەر جارێ دەرەوێتەوە (ئیلنجاغی،٢٠١٠: ١٢٤) | | | |
| ٣. سەری دوو بەرانان لە مەنجەڵێکا ناکوڵێ. (خاڵ،١٩٧١: ٢٨٢) | | | |
| ٤. من ئاغا و تۆ ئاغا کێ جێمان بۆ ڕاخا.(خاڵ،١٩٧١: ٤٢٤) | | | |

**خشتەی ژمارە (٥): یەک سەرکردەیی و لە پەندی کوردیدا**


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

لە خشتەی ژمارە (٥) بوونی کەسی سەرکردە و سیفاتەکانی کەسی سەرکردەمان خستەروو، بەڵام زانستی کارگێڕی هەر بەوە ناوەستی و لە پاڵ گرنگی بوونی سەرکردە و بەڕێوبەر، بوونی (یەک سەرکردەیی: "( Unity of command) بە باشتر دەزانێت کە کاریگەری زیاتری هەیە لەسەر بڕیاردان و بە ئەنجام گەیاندنی کارەکان و ڕاپەڕاندنیان، لەم بارەوە تیۆری (قوتابخانەی دابەشکاری کارگێڕی- کە یەکێک لە چواردە بنەما کارگێڕییەکانی فایۆل) جەختی لەسەر دەکەنەوە- کە لە ساڵی (١٨٤١-١٩٢٥) دانراوە. بەمەش ئەم تیۆرە قسە و پەند و ئامۆژگارییەکانی باو باپیرانی کورد دوپاتدەکەنەوە کە بیرمەند و هۆشیارانی کوردیش هەڵگری بیر و هزری کارگێڕی بوونە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە لە ژیانی ڕۆژانەی گەلەکەدا ڕەنگی نەداوەتەوە، کورد کاتی وتوویەتی "**دوو حاکم نابێ لە شارێ**" بەبێ هۆ نەوتراوە و بەڵکو ئەم کێشەیە لەنێو ژیانی میللەتەکەدا ئەزموون کراوە و کێشە و کارەساتی لێ کەوتۆتەوە. کەواتە پێشیانی کورد درکیان بەوە کردووە کە لە کاتی ڕوودانی کێشەیەکی بچووکیش دا تا هەر دوو سەرکردە لەنێو خۆیاندا ڕێکدەکەون و بڕیارێک دەدەن کێشەکە لە ئەندازەی خۆی تەشەنەدەکات و کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

### پێنجەم/ گرنگی هەبوونی سەرپەرشتیار:

| دەقی پەندی کوردی | مانای پەند بە پوختی | ئەو تیۆرە کارگێڕیەی کە پاڵپشتی دەکات یان نزیکە لێوەی | بیرمەند/ دامەزرێنەری قوتابخانە کارگێڕیەکە |
|---|---|---|---|
| ١. ئیشکەرم بمرێ، مشوورخۆرم نەمرێ (خاڵ،١٩٧١: ٧٣) | **گرنگی هەبوونی سەرپەرشتیار** | تیۆری کارگێری زانستی | فردریک تایلەر(١٨٥٦-١٩١٥) |
| ٢. گەر لە بێشە شێر نەما، گورگ و مام ڕیوی ئەکەونە سەما (خاڵ،١٩٧١: ٣٧٤) | | | |
| ٣. کتکان نی یەن لە ماڵۆ، مشکان تلیلیلی یانە. (خاڵ،١٩٧١: ٣٢٥) | | | |

**خشتەی ژمارە (٦): گرنگی هەبوونی سەرپەرشتیار و ڕەنگدانەوەی لە پەندی کوردیدا:**

فردریک تایلەر، وەک چۆن جەختی لەسەر (کات و پسپۆڕی) دەکردەوە، بەهەمان شێوە بە گرنگییەوە لە ڕۆڵی سەرپەرشتیار دەڕوانێ و دووپاتی دەکاتەوە. لەبەرئەوەی بوونی سەرپەرشتیار (Supervisor) لە کارگێڕیدا واتای باشتر ڕاپەڕاندن و کەمترین هەڵە لە کاردا. بۆیە لە زانستی کارگێڕیدا بایەخێکی زۆر دراوە بەم بوارە و تیۆری و بۆچوونی تایبەتی هەیە. بێگومان ئەمەش بۆ دانەرەکانیان بوون بە جێگای شانازی، ئەگەرچی کورد لەم بوارەدا بوونی نییە، بەڵام سەرەتاکانی ئەم لایەنە کارگێڕییەش بەشێوەیەکی سادەتر لەنێو فۆلکلۆر و پەندەکانی نەتەوەکە ڕەنگیداوەتەوە. لەم بارەوە کورد دەڵێت: "**ئیشکەرم بمرێ، مشوورخۆرم نەمرێ**"(خاڵ،١٩٧١: ٧٣)، کەواتە ئەگەر کارکەریشت کەمبوو بە هەبوونی سەرپەرشتیارێکی وریا و مشوورخۆر بە دڵنیاییەوە کارەکە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

ئەنجامی باش دەدات بە دەستەوە. یاخود دەڵێن: "**گەر لە بێشە شێر نەما، گورگ و مام ڕێوی ئەکەونە سەما**"(خاڵ،١٩٧١: ٣٧٤)، ئەم پەندە ئەگەرچی ڕەنگە لە بواری دیکەشدا سوودی لێوەر بگیرێ بەڵام بۆ ئەم بابەتەش ڕاستە، کاتێ مشورگێر و پیاوماقول و کێشە چارەسەر دیارنین، ئیتر هەر کەسە بۆ خۆی مشورگێرە.

**شەشەم/ هاندان و پاداشت:**

| دەقی پەندی کوردی | مانای پەند بە پوختی | ئەو تیۆرە کارگێڕییەی کە پاڵپشتی دەکات یان نزیکە لێوەی | بیرمەند/ دامەزرێنەری قوتابخانە کارگێڕیەکە |
|---|---|---|---|
| ١. دوو شت لە دونیا حوکم دەکا یەکەم پاداشت و دووەم جەزا (ئیلنجاغی،٢٠١٠: ١٢٢) | **هاندان- پاداشت** | تیۆرەکانی کارگێڕی زانستی | فردریک تایلەر(١٨٥٦-١٩١٥) |
| | | قوتابخانەی دابەشکاری کارگێڕی | هنری فایۆل (١٨٤١-١٩٢٥) |

**خشتەی ژمارە (٧): گرنگی هاندان و پاداشت لە پەندی پێشینادا**

هاندان(Motivation) ) و پاداشت (Rewards) لە بەڕێوەبردندا گرنگی زۆری پێدەدرێت، چونکە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێکوپێکی کارەکان، بێگومان ئەمەش بە پاداشتکردنی کەسانی لێهاتوو و ئەوانەی کە ئەرکی زیاتریان دەکەوێتە سەر شان. خۆ دوورخستنەوە لە پاداشت کاریگەری خراپ لەسەر بەڕێوەبردن جێدەهێڵێ، کە دەبێت هۆی سستی کارکردن لای کرێکار و فەرمانبەر ئەمەش کاردەکاتە سەر بڕی بەرهەم لە کۆمپانیا و سستی فەرمانبەر لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی. بۆیە لای پێشینانی کورد شتێکی تازەنییە و لەنێو پەندە کوردییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

**حەفتەم/ خوێندنەوەی ژینگە و بارودۆخی ڕێکخراو لە لایەن بەڕێوبەرەوە:**

| دەقی پەندی کوردی | مانای پەند بە پوختی | ئەو تیۆرە کارگێڕییەی کە پاڵپشتی دەکات یان نزیکە لێوەی | بیرمەند/ دامەزرێنەری قوتابخانە کارگێڕیەکە |
|---|---|---|---|
| ١. لەسەر فرسەتان بازمەیە (خاڵ،١٩٧١: ٣٩) | **خوێندنەوەی ژینگە و بارودۆخی ڕێکخراو لەلایەن بەڕێوەبەر** | تیۆری بارودۆخ یان کارگێڕی هەڵوێستی | تیۆرێکی نوێی کارگێڕیە |

**خشتەی ژمارە (٨): پەندێکی پێشینان کە خوێندنەوەی ژینگە و بارودۆخی ڕێکخراو لەلایەن بەڕێوەبەرانەوە روندەکاتەوە**

زانستی کارگێڕی تەنها بە( گرنگی کات و پسپۆڕی و سەرکردە و سیفات و ڕەوشتی سەرکردەوە و بوونی سەرپەرشتیار و هاندان و پاداشت) نەوەستاوە، بەڵکو تیۆرە نوێکانی ئەم زانستە خوێندنەوەی ژینگە و بارودۆخیش لە لایەن بەڕێوبەرەوە لەبەرچاو دەگرێ کە ئەمەش کاریگەری لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکانی ڕێکخراو دەبێت لە لایەن بەڕێوبەرەوە، کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە چۆن بەڕێوبەر هەل و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

دەرفەتەکان بقۆزێتەوە و سوود لەو ژینگە و بارودۆخە وەرگرێت کە دێنە پێشەوە, بۆ نمونە لەسەر فرسەتان بازمەیە (خاڵ،١٩٧١: ٣٩) جۆرێکە لە خوێندنەوەی ژینگە و بارودۆخی ڕێکخراو لەلایەن بەڕێوەبەرەکانەوە وە ئەو تیۆرەی کە پاڵپشتی ئەم پەندەدەکاتەوە کە وەک بیری کارگێری لێکبدرێتەوە بریتیە لە (تیۆری بارودۆخ یان کارگێڕی هەڵوێستی) کە تیۆرێکی نوێی کارگێڕیە.

## ئەنجام و پێشنیارەکان:

لەم تویژینەوەیەدا گەیشتین بەوەی کە بڵێین:

١- میللەتی کوردیش خاوەن بیری کارگێرییە وەک هەندێک لە نەتەوەکانی دیکە بە پشت بەستن بەو پەندە کوردییانەی کە لە بەردەست دان، زانستی کارگێڕی ئەگەرچی زانستێکی تازەیە و تیۆر و بۆچوونەکانی لە چەند سەدەیەک تیپەڕناکات، بەڵام هەمان ئەم بیر و چەمکە لە بەشێکی پەندە کوردییەکاندا ڕیشەیەکی دوور و درێژیان هەیە.

٢- ئەو بوارە کارگێڕیەی کە لە پەندە کوردییەکانی نێو ئەم توێژینەوەیەدا باوترینە بریتیە لە پسپۆڕی بەجۆرێک لە کۆی(٣٢) سی و دوو پەند کە هەڵگری بیری کارگێڕین (١٠)دە پەندییان پسپۆڕیی یان کار دابەشکردن دوپاتدەکەنەوە, ئەمەش دەیسەلمێنێ کە پسپۆڕی لای باب و باپیرانمان گرنگ بووە. لە دوای ئەوة (٧)حەوت پەند جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی کات و پلاندانان وەک یەکەم ئەرکی بەڕێوبەر. ئینجا سیفاتی سەرکردە بەدی دەکرێت بە (٦) شەش پەند، هەروەها باب و باپیرانی کورد بوونی یەک سەرکردەیی و سەرپەرشتیاریان بە پێویست زانیووە, ئەمە جگەلەوەی پاداشت و سزایان لە بیر نەکردووە کە خۆی لە دادپەروەریدا دەبینێتەوە، لە دوای هەموو ئەمانەشەوە بیریان لە هەل قۆستنەوەو خوێندنەوەی بارودۆخ و ژینگەی ڕێکخراوەکان کردۆتەوە.

٣- نەبوونی دامەزراوە و کاری ڕێکخراو لەنێو کوردان، مانای ئەوە ناگەیەنێ کە بیری کارگێری و بەڕێوبردن لە بیر و هزری پێشینانی ئەم میللەتەدا ڕەنگی نەدابیتەوە. چونکە پەندەکان خۆیان سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن.

٤- بە ڕەنگدانەوەی بیری کارگێڕی لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی، دەکرێ کوردیش بخرێتە نێو ئەو نەتەوانەی کە لەم مەیدانەدا مێژوویان تۆمارکردووە و جێگەی بکرێتەوە.

## پێشنیارەکان:

دوای ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەرن چەندین پێشنیاریان لەلا گەڵاڵەبوو، کە ئەمانەن:

١-کردنەوەی دەروازەیەکی فراوان بۆ توێژەران لە ئێستا و داهاتوودا بۆئەوەی زیاتر قووڵ ببنەوە لە بەراوردی تەواوی بیردۆزەکانی کارگێری و پەندەکانی دیکەش.

٢-جگە لەوەش دەرگەیەکە بۆ پەیوەندی نێوان بیری کارگێری و ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی کوردی، وەک شیعر و پەخشان ...هتد.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021

# Administrative Thought in Kurdish Folk Proverbs

**Ranjdar Azad Azeez**
Department of Administration and Accounting, Faculty of Humanities and Social Scienes, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** ranjdar.azad@koyauniversity.org

**Soran Kakarash Omer**
Department of Administration and Accounting, Faculty of Humanities and Social Scienes, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** soran.kakarash@koyauniversity.org

**Abstract:**

This research aims to understand and find the relationship between administrative thoughts and theory and Kurdish popular traditional proverbs. This is a theoretical and applied research by comparing (32) Kurdish folk or saying examples with some classic (traditional) and modern theories of managerial thought. This includes two different sciences and fields of management and folk literature. The research is divided into three similar sections according to the title of the research, and its first chapter is devoted to administrative thought, schools and administrative theories, the second chapter: is devoted to the concept, specificity and attempts to collect Kurdish proverbs, and the third chapter is devoted to presenting administrative thought in terms of the fundamentals in the folkloric folk proverb in the Kurdish language. The research reached were reflected in the thought of the Kurds' older generations such grandfathers and grandmothers even though it was not applied in reality, because the Kurds, like other people, have an administrative thought that is perfect and mature, especially in the field of specialization, time, planning, leadership and supervision. Finally the study recommended to writers and researchers, one of the most important of which is that this field should be developed and further researched between administrative thought in all its divisions and branches, with all Kurdish proverbs on the one hand, and with all other topics of Kurdish literature such as poetry, prose, novel ... etc. on the other side.

**Keywords:** Administrative Thought, Folk Literature, Kurdish Folk Proverbs.

## سەرچاوەکان:

ئیلنجاغی،هێمن(٢٠١٠)پەندی کوردی،چ ١، چاپخانەی سەید برایم، سلێمانی.

پەتی، عومەر ئیبراهیم عەزیز(٢٠٠٥) بیبلۆگرافیای فۆلکلۆری کوردی(١٨٦٠-١٩٩٠)، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

جەلیل، ئوردیخانی-جەلیل،جەلیل(١٩٧٢)پەند و قسەی نەستەقی کوردی، و.شوکریە ڕەسووڵ، مۆسکۆ.

خاڵ،شێخ محەمەد(١٩٧١) پەندی پێشینان، چ ٢، چاپخانەی کامەڕان، سلێمانی.

حەوێزی،تاهیر ئەحمەد(٢٠٢٠)پەندی پێشینان و مەتەڵ، چ ١، چاپخانەی لاس، کۆیە

حريم, دکتۆر حسين, و. محمد چيا (٢٠١٦) بنەما نوێكانی كارگێری, چ٢ .

حسین،هیمداد(٢٠٠٧)ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی شەهید ئازاد، چ ١، کەرکوک.

ڕەسووڵ،شکوریە(١٩٨٤) پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، چ، ١الامانه العامه للثقافه و الشباب، هەولێر.

ڕەسووڵ،عیزەددین مستەفا(١٩٧٩)لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ ٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

صادق, زانا مجيد (٢٠١٥) بنەماكانی زانستی بەڕێوەبردن, چ١, نوسینگەی تەفسير, هەولێر.

صادق, زانا مجيد (٢٠١٩) بنەماكانی كارگێری كار, چ٢, نوسینگەی تەفسير, هەولێر.

صادق, زانا مجيد, رحمان, نهايت سعدي, و أحمد, د.بروا سردار(٢٠٢٠) تيۆری ڕێكخراو و ڕەفتاری ڕێكخراوەيی, چ١, نوسینگەی تەفسير, هەولێر.

موکری،کامەڕان(١٩٨٤)ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، چ ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

الجيوسی, محمد رسلان و جادالله, جميلة, و. وەهاب حەسيب محەمەد (٢٠١٤) كارگێری زانست و جێبەجێكردن, چ٢, چاپخانەی پیرەمێرد.

احمدی،رسول رش(١٣٨٦) ضرب المثل های تعلیمی و تربیتی کردی، مجله فرهنگ مردم ایران، شماره ١٠،پاییز.

دهخدا، علی لکبر(١٣٧٧) لغت نامه دهخدا، جلد ١٠، چ ٢، مؤسسه لغت نامه دهخدا، تهران.

ذلفقار،حسن(١٣٨٨)ضرب المثل های ایرانی، جلد ١، چ ١،نشر معین، تهران.

همایی،جلال الدین(١٣٧٤) معانی بیان، نشر هما، تهران.

السنفي, أ.د. عبداه عبداه و العريقي, أ.د. منصور حند إماعيل (٢٠١٢) الإدارة, ط٣, جامعة العلوم والتكنولوجيا, صنعاء.

الشماع, الدكتور خليل محمد حسن (١٩٩١) مبادئ الإدارة مع التركيز على إدارة الاعمال, ط١, جامعة بغداد, بغداد .

العيد, الدكتورة مزنة بنت مزعل عبد الله (٢٠١٥) "حماية الإسلام للعقل وأثره في تحقيق الأمن الفكري", مجلة كلية الشريعة والقانون, عدد (١٦).

Cummings, S., Bridgman, T., Hassard, J. and Rowlinson, M. (2017) A New History of Management, Cambridge University Press, University of Cambridge, United Kingdom, ISBN 978-1-107-13814-8 , ISBN 978-1-316-50290-7

Hussain, N., Haque, A., Baloch, A. (2019)" Management Theories: The Contribution of Contemporary Management Theorists in Tackling Contemporary Management Challenges", Journal of Yasar University,Vol. (14),Special Issue, 156-169.

Khan, Z. A. and Khan A. N. I. (2016)" Leadership theories and styles: A literature review", Journal of Resources Development and Management, ISSN 2422-8397

Santayana, G. (2017) A brief history of management; those who cannot learn from history are doomed to repeat it, adapted from Brian Hindo, "Inside Innovation," Business Week Online.

SHADRIKOV, V.D., KURGINYAN, S.S., AND MARTYNOVA, O.V. (2016)" Psychological studies of thought: Thoughts about a concept of thought", Psychology Journal of the Higher School of Economics, Vol. (13), No. (3), Pp. 558–575.

Wolfgang Pindur, W. and Rogers S.E. (1995) "The history of management: a global perspective", Journal of Management *History, Vol. (1), No. (1), MCB University Press, 1355-252X, Pp. 59-77.*



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(3).Paper18 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.3,September.2021